



# پێشبینییەکانی مۆندیالی ئەڵمانیا

## ڕۆناڵدینهۆ : هەڵبژاردەی لاواز نابینم..
## بیلی : لە ئیتالیا بترسن..
## جەماوەری ئەرژەنتین: بەرازیل نازناوەکە بەدەست دێنێت..

ئا – هیوا مەلا قادر

پاڵەوانیەتی جامی جیهانی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو پیری دەڕۆین، لەهەموو لایەکی ئەم دونیایەوە چاوەڕێی ڕۆژی دەستپێکردنی دەکرێت، هەموو هەڵبژاردە بەشداربووەکان لە خۆئامادەکردندان بۆ ئەو مەراسیمە مەزنە کە هەر چوار ساڵ جارێك دووبارە دەبێتەوە. مۆندیالی ٢٠٠٦ لە وڵاتی ئەڵمانیا ساز دەکرێت ، ئەم وڵاتە دەیەوێت بە شێوەیەك مۆندیال بەڕێوە ببات کە کەموێنە بێت لە مێژودا، فرانس پیکن پاوەر قەیسەری تۆپی پێی ئەڵمانی سەرپەرشتی بە ڕێوەبردنی دەکات، کەبڕیارە ڕۆژی ٦/٩ دەست پێبکات و ٧/٩ کۆتایی پێبێت .

سەرەڕای ئەوەی کە یەکێتی تۆپی پێی جیهانی هەستان بە هەڵوەشاندنەوەی ئاهەنگی کردنەوەی مۆندیال بە بیانوی کەمی سەلامەتی بۆ هاندەران بەڵام جەماوەری وەرزشدۆستی ئەڵمانی بە پەنجەکانی دەست ڕۆژەکان دەژمێرن تا دەستپێکردنی مۆندیال.

لە مۆندیالدا وڵاتە بەشداربووەکان بۆ هەشت گروپ جیاکراونەتەوە کە گروپەکان هەموو بە هێزن بەڵام هەندێك لە پسپۆرانی تۆپی پێ جیاوازی دەکەن لە نێوان گروپەکاندا لە ڕووی بەهێزی و کەمهێزیەوە.

گروپی یەکەم: ئەڵمانیا، کۆستاریکا، پۆڵەندا، ئیکوادۆر.

گروپی دوەم: ئینگلتەرا، پاراگوای، ترینیداد تۆباگۆ، سوید.

گروپی سێهەم: ئەرژەنتین، ساحل ئەلعاج، سربیا، هۆڵەندا .

گروپی چوارەم: مەکسیك، ئەنگۆلا، ئێران، پرتوگال .

گروپی پێنجەم: ئیتالیا، غانا، ئەمەریکا، چیك.

گروپی شەشەم: بەرازیل،کرواتیا،ئوسترالیا، یابان.

گروپی حەوتەم: فەرەنسا، سویسرا، کۆریا، تۆگۆ.

گروپی هەشتەم: ئیسپانیا، ئۆکرانیا، تونس، سعودیە

سەبارەت بە ئاستی هەڵبژاردە بەشداربووەکان لە مۆندیالدا ئەستێرەی تۆپی پێی بەرازیلی ڕۆناڵدینهۆ لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند کە هەموو هەڵبژاردە بەشداربوەکان ئاستیان زۆر بەهێزە، هیچ بوارێك نییە بۆ موفاجەئە، ڕۆناڵدینهۆ ئەوەشی ئاشکراکرد کە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ئەرژەنتین، بەرازیل، ئەڵمانیا، لەسەروو ئەو تیپانەن کە شیاون بۆ بەدەست هێنانی نازناوەکە، لەدوا وتەیدا ڕۆناڵدینهۆ ئاماژەیدا بە بەهێزی هەڵبژاردەی بەرازیل کە ئێستە زۆرێك لە باشترین یاریزانانی جیهانی لە خۆکۆکردوەتەوە و دەیەوێت بۆ شەشهەمین جار نازناوەکە بگەڕێنێتەوە بۆ بەرازیل.

هەر سەبارەت بە مۆندیال دیڤدبیکهام کاپتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بە دووری نەزانی کە هەڵبژاردەکەی مۆندیال بەدەست بهێنێت، بێکهام ڕایگەیاند باش یاریکردن و لێهاتوویی و یاریکردن بە ڕەوتی تازەی وەرزشی هەموو سیمای هەڵبژاردەکەمانە تەنها پێویستمان بە بەختە کە هاوڕێمان بێت بۆ بەدەست هێنانی مۆندیال بۆ دووەم جار لە مێژوی ئینگلتەرادا.

هەروەها ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل (پیلێ) ئاماژەدەکات بە بەهێزی هەڵبژاردەی ئیتالیا و ڕادەگەیەنێت کە هەڵبژاردەی ئیتالیا یەکێکە لە هەڵبژاردە بێوێنەکانی ئێستای جیهان، هەر لەبەرئەوە پیلێ پێیوایە ئیتالیا لەپێشەوەی تەواوی هەڵبژاردەکانی جیهانە بۆ بەدەست هێنانی نازناوەکە.

لە ئەرژەنتین هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە بە سەرکردایەتی ڕاهێنەر خۆسێ پێکرمان پێگەیەکی باشیان دروست کردووە کە لەباشترین یاریزانەکانیان (ریکێلمی، میسی) بەڵام سەیر لەوەدایە لە نێو ئەو وڵاتەدا ڕاپرسیەك کرا لەڕێگەی یەکێك لە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەوە لە سەر ئەوەی ئایا کێ مۆندیال بەدەست دەهێنێت، زۆربەی بەشداربوان پێیانوابوو هەڵبژاردەی بەرازیل نازناوەکە بەدەست دەهێنێت.